# هاژەی ڕووبارێک

ناگریم بۆ مەرگێک لەڕێکای کۆڵنەدان ڕێگای گرتەبەر .
ناگریم بۆ پەیکەرێک وا لە پێشوازی سەربەستی هەنگاوی دەنا.
نانا قەت ڕەشپۆش نابم چونکە پشکۆیەک لەژێر خۆڵی مردوو بڵێسەی ئازادی دەپژێنێ.
بەیانی تازە لێزمە بارانی سەرشار دەهات خاودەبووەوە. خەریکە گڤەی هاتووچونی پڕژی دەرختەکانی سەڕشەقامێش بێدەنگ دەبوو.
هۆکچم هەستە وا کیفی پەرتوکەکانم بۆ پێچاویەوەیە. هەستە وا لێزمە بارانی شەو هەدای نەبوو لەگەڵ گەواڵی هەورەکان تێپەڕین.
سەدایەک زۆر غەریب وەڵام دەداتەوە: دایە دەڵم سەودای شۆڕش و چوونە قوتابخانەی سەربەستی وڵاتی دەوێ. دەزانم ئەمەت بۆ قورسە، بەڵام ژێنێکم دەوی زانکۆکانی وڵات تێیدا پڕکات لەوانەی خۆشەویستی و فێربوون لە ڕێگای لەیەک حاڵی بوون .
لەگەڵ سەدای ناو متبەقەکە، تەمی ڕوبارەکەی خوارئاوایی لەگەڵ گڤەی سێڵاوەکەی ئەمشەو ئاوی باران خزاندبوویە گەرووی خەریکە دەبنە ئاونگی ئەگریجەی کیژی قوتابی وڵاتی من تا نزار و دارستان و مێرگی بەهاری ساڵ سەوازیی بنێنێن.
هۆ کیژم نیگاد وەک کۆلکەزێڕینە بانگی سەوزایی لابێت دەچێ. نیگایەک دەبوو لەشەقام لەگەڵ دەستەخوشکەکانی بەرەو کۆڕی سەرکەتون هەنگاوی بنایە.

تۆ ڕەنگاڵەی ئەو بەهارەی سەوازیی بوونە دیمەنی شەپۆلی ڕوبارەکەی خوار پردی سور، یان نیگاری باخی جامی و گردەکەی پڕە لە گوڵی تازە خونچە گرتوو بۆ بەخێرهاتنی تەمەن.
تو ڕەنگاڵەی ئەو کۆلکەزێڕنەبووی بوویتە هێمای پاراوی سروشت تاوەکوو خۆشەویستی تێدا گۆڵ بکەن و ئاواتی غەزاڵی تێدابینە داری بەری ساڵی کوردستان .
چ غەمگینە گەلی ژێردەست، منداڵی هەژارەکان، کچە لاوەکانی لەبری چونە سەیران و هەڵپەڕین بۆ ژیان دەبنە نێچیری مرۆڤ کوژ .
کیژم ئەی تەواری تازە فڕیوو یادت لەگەڵ چەپکی گوڵەکانی بۆ نەورۆز چەپک کران لە دڵی مندا بوییە نەمامی غەم و ڕیشەی ژانت بووە تازەبوونەوەی زامی کۆنی جەستەم.
بڕۆ بۆیە وەک پەیکەرێکی ئاسایی ناوێرم بۆت بگریم، چۆنکە ئێوە چرۆی نوێن دەبێ لەسەر یەخەی نیشتمان بنە نیشانەی ئەبدەی.
بڕۆ نیشتمان تۆی لەبیرە بەزامی پڕئازار نەهاتە فریاد تەبیی تۆراو لە یاسا و ئەوەی دەستەمۆی ناتەباییین. سەفەرێکی زۆر غەمگین بوو لەبەرچاوم لێت تۆرا ئەوینی گەرمی سلێمانی !
نایکەمە ئیرادی شار چونکە خوڵقەتی دەناسم ئەوەی بوو کرداری دوژمن بوو نەک زاتی هاووەتەنم. .

ئەحمەد بەهرامی "تورجانیزادە"  ٢٠٢٦/٤/١٥